## چالاکیەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن و ئەمنستی ئەنترناشناڵ و ڕێکخراوەی دژە نەژاد پەرستی لە سویسرا لە دژی ڕەشەکوژی ژنان لە عێراق وکوردستان
## سەرکەوتوانە کۆتای هات

### سەردانی هۆزان محمود بۆ سویسرا

لە سەرداوای ئەمنستی ئەنتیرناشناڵ و ڕێکخراوەی دژە نەژاد پەرستی هۆزان محمود بەرپرسی دەرەوەی ڕێکخراوەی ئازادی ژن سەردانی سویسرای کرد. لە ڕۆژی 2007/06/15 لەبنکەی ڕێکخراوی دژی نەژاد پەرستی کۆڕێکیان بۆ هۆزان محمود ڕێکخست ، سەرەتا لە لایەن ئەنتۆنێلا بەخێرهاتنی هۆزان محمود و میوانەکان کرا ، دواتر هۆزان باسێکی لە ژێر ناونیشانی توندو تیژی دژبە ژنان لە عیراق و کوردستان پێشکەش کرد .

هەروەها لە ڕۆژی 17 .6 .2007 لەشاری زوریخ بە ئامادە بونی هۆزان محمود کۆبونەوەی نوینەران و دۆستانی ڕێکخراوەی ئازادی ژن ڕێکخرا لە کۆبونەوەکەدا بریار درا لە زوترین کاتدا بنکەییە ک بۆ ریکخراو بکریتەوە وە کارو چالاکیکانی ڕێکخراو لە سویسرا چالاک بکرێەوە و
هەروەها کۆبونەوەی کشتی بکرێت و لە وکۆبونەوەیەدا نوێنە رانی ڕێکخراوەی ئازادی ژن هەڵبژێردریت.

لە دوای کۆبونەوەکە بۆ ڕێزلێنان لە دوعا ی 17 سالە کە زۆر درندانە بەبەر جاوی دەسەلاتەوە بەردەباران دەکرێت 17 گوڵەیان خستە ئاوی بێلفي لە شاری زوریخ .

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە بنکەی کەسەمە کۆڕێک بۆ هۆزان محمود بەزمانی ئینگلیزی سازکرا . سەرەتای کۆڕەکە سەردار حامید بە خێرهاتنی میوانەکانی کرد دواتر هۆزان باسەکەی خۆی پێشکەش کرد و ئیشارەی بەشاڵاوی ڕەشەکوژی ژنان لە عێراق و کوردستان لە ژێر ناونیسانی قەتڵی ناموسی کرد بێدەربەستی دەسەلات لە بەرامبەر ڕەشەکوژی ژنان بە داڵدەدانی ژن کوژان بە تاوانێکی گەروە دایە قەڵەم هەروەها بەردەباران کردنی د و عا ی وەک نمونە یەک هێنایەوە کە جۆن 1000 دان کەس بە بەرجاوی پۆلیس و دەسەلاتەوە ئە وتاوانە گەورەیە ئەنجام ئەدەن و دەسەلاتیش هیج بەرپرسیەک لە خۆی نیشان نادات .

هەروەها لە قسەکانەدا گۆرینی بەندی 7 لە دەستوری هەرێمی کوردستان بەکاری هەرئێستا زانی.
داوای لە تەواوی ئامادەبوان و بەتایبەت ڕێکخراوی ئەمنستی و ڕێکخراوەکانی تر کرد فشار بۆ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بهینن تا ڕێگە نەدرێت لە وە زیاتر ژنان لە ژێر هیج بیانویەک بکوژرێن شایەنی باسە
لە گەڵ نیشاندانی چەندین وێنەی دۆکۆمێنت کە چۆن ژنان کۆشتار دەکێن و هەروەها وێنە هەلسورانی ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق سەرنجی ئامادەبوانی راکێشاو کۆڕەکە بەقسەو باسی ئامادەبوان کۆتایی هات

ڕۆژی 18.6.2007 لەشاری ستگاڵن كۆڕێكی تر لەلایەن ئەمنستی و ڕێكخراوە ی گابی بۆ هۆزان محمود ڕێكخرا ژمارەیەكی بەرچاو لە خەلكو نوێنەرانی ریكخراوەكانی سویسرا بەژدار بوون .
سەرەتا لەلایەن ڕێتۆ مۆرینتس بەرپرسی ئەمنستی بەخێراتنی هۆزان و ئامادەبو انی کرد و هۆی بانگهێشت کردنی هۆزان محمودی بۆ سویسرا گەراندەوە بۆ ئامانجەكانی هەردوو ڕێكخراو كە پارێزگاری كردنە لە ئینسان و ڕێزگرتنیی مافەكانیانە ،كە ڕێكخراوەی ئازادی ژن لە عێراق دڵسۆزانە خەبات ئەكات بۆ پارێزگاری کردن لە مافەكانی ژنان . لەلایەن سەردار حامید وە هۆزان محمود بەئامادەبوان ناسێندراو كۆرتەیەک لەسەر ژیانی هۆزانی بۆ ئامادەبوان باس کرد . دواتر هۆزان محمود بەسەكەی خۆی لەژێر ناوی توندو تیژی لەدژی ژنان پێشكەس كرد ، لە باسەكەیدا ئیشارەی بە هۆكارەكانی بیمافی ژنان كرد لە عێراق وكوردستان . نەبونی یاسایەكی مۆدێرن كە مافەكانی ژنان بپاریزێت و گۆرینی بەندی 7 لە دەستوری هەرێمی كۆردستان بەكارێكی گرنگ زانی . كۆشتنی ژنان لە ژێر هەرناوێكەوە ئەبێت كۆتایی پێبێت. داوای لە حیزب و ڕێكخراوەكانی سویسرا بەتایبەت ڕیكخراوەی ئەمنستی ئەنتێرناشنا ڵ كرد كە پشتیوانی ڕێكخراوەی ئازادی ژن بكەن لە عێراق وفشاربهێنن بۆ حكومەتی عێراق وهەرێمی كوردستان تامافەكانی ژنان بەرەسمی بناسن و گۆشتنی ژنان لەژێر هەرناوێكەوەبێت وەک تاوان سەیربكرێت و تاوان باران بەسزای خۆ یان بگەن.
نیشاندانی وێنەی ئەو ژنانەی كە لەم ماوەكەمەدا كۆژراون وەک بەڵگەیک هێندرانەوە كە ژنان چ بێحورمەتێكیان پێدەكرێت . قسەكانی هۆزان و كارو چالاكێكانی ڕێكخراوی ئازادی ژن لە عیراق چێگەی دڵخۆسی ئامادەبوان بوو.

## ڕێكخراوەی ئازادی ژن لە عێراق / سویسرا

21.6.2007

**وێنەكان لە خوارەوە ببینە:**

**وینەی كۆبونەوەی شاری زوریخ**



### وینەی کۆبونەوەی نوێنەرانی ڕێکخراوەی  ئازادی ژن لە سویسرا



### 17 گوڵ بۆ ریزلێنان لە دوعای 17 ساڵە بۆ ناو ئاوی بێلڤی لە زوریخ



